## ڕاپۆرتی کۆتایی دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات
## جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و سزای 15 ساڵ بۆتاوانبار فرانس ڤان ئانرات!




**ئەمیر قادر**
**هەڵسوڕاوی ناوەندی هەڵبجە لە هۆڵەند**
**بەرپرسی دۆزی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات**
**هەڵسوڕاوی کۆمیتەی بە دادگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات.**
Khadir8@Yahoo.com


**ئەمڕۆ 23-12-2005 بەشی دوایی دادگایی تاوانبار (فرانس ڤان ئانرات) لەشاری دێنهاخ لەوڵاتی هۆڵەندا بە ڕێوەچوو،لەسەرداواو بانگەوازی ناوەندی هەڵەبجە لە هۆڵەنداو بەهاوکاریی وبەشداری ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەکوردیەکان و کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەند هەرلەکاتژمێری 11ی سەرلەبەیانیەوە بەردەم دادگایی شاری لاهای کەپێشتر مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە لەلایەن ناوەندی هەڵبجەوە وەرگیرابوو لە خۆپەشاندەران کە بۆ پشتگیری لەم دۆزە لەشوێنە جیاجیاکانی هۆڵەنداوە ئامادەببوون جمەیدەهات.تراکتەکانی دەوروبەری خۆپێشاندەران و وێنەکانی قوربانیەکانی کیمیاباران لە هەڵەبجەو سەردەشت و زەردەو شوێنەکانی تری کوردستانەوە ناوەندەکانی مێدیاو ڕاگەیاندنی هۆڵەندی و جیهانیەکانیەکانیان بەخۆوەخەریک کردبوو،هەموو کەناڵە ڕاگەیاندەکانی هۆڵەندی باسیان دەکرد،هەرلەکاتژمێری 12:40 خولەکەوە بەهاوکاری ناوەندی هەڵەبجە و دادگا و لەژێرڕێوڕەسمێکی ئاسایشی توونددا دەستکرا بە چوونە ژوورەوە بۆناودادگا،شایەنی ووتنە کەئەودوو هۆڵەی دادگا بەشی ئەوهەمووئامادەبووانەی نەکردوو هەربۆیەش بە ناچاری ژمارەیەکی ئامادەبووان لە بەر سەرمادا چاوارِوانی برِیارەکانی دادگایانکرد.**

**کاتژمیر 1:43 خولەک دادگا بەشێوەی فەرمی دەستیپێکرد داوەر (ڤان ڕۆسوم) کە سەرۆکی دادگاکەشە دۆزەکەی خوێندەوە،ئەوەی ڕاگەیاند کەفرانس ڤان ئانرات ئامادەنەبووە بەڵام پارێزەرەکەی وەکالەتی دەکات،دادوەر لەسەراتای دۆزەکەوە باسی تاوانبار ڤان ئانراتی کرد کەلەکوێ لەدایک بووە وەدواتر چی کردووە....دواتر باسی ئەوتاوانانەی کرد کە پێی تاوانبارکراوە،دواتریش یەک یەک هەموو بەرگریەکانی پارێزەری تاوانباری باسکرد و پاشانیش لێکدانەوەی دادگای لەسەر سەرجەم ئەمانە باسکرد،بۆ نموونە لە سەر سیستەمی دادگاکە کە پێیان وابوو دە بوو لە م دادگایە نەبێت بە ڵکو لە دادگای نیودەوڵتی بێت،دادوەر ئەم ڕەخنەیەی بێبناغە لێکدایەوە و وتی کەهەم تاوانبار هۆڵەنیە و هەم 3 کەس لە شایەدەکانیش هۆڵەندین (مەبەستی دالیا محەمەد و ڕێباز قادر و کاک عەلی رەحیمی بوو کە هەرسێکیان لە ئێستادا هاووڵاتی هۆڵەندین )و پاشانیش ئەم دادگایە کەڵکی لە یاساکانی تریبۆناڵە نێودەوڵەتیەکانی تریش وەرگرتووەو کاریان پێدەکات بۆنموونە تریبۆناڵی یۆگسلافیا....،وە لە شوێنێکی تری باسەکەیدا ڕەخنەی پارێزەرانی تاوانبارانی ڕەتکردەوە لە پەیوەند بە لێکۆڵینەوەی هاوتەریب ،باسی کرد کە ئێوە**

هەموو هۆکارێکتان خرایە بەردەست تالەگەڵ قوربانیەکان و شایەدەکاندا لێکۆڵینەوەبکەن وە کردیشتان وە سەردانی زۆرشوێنتان کرد لەگەڵ وەزارەتدا ،هەروەها لەپەیوەند بە دژایەتی پارێزەرەکانی تاوانبار دەربارەی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان کە گوایە ئەوە جینۆساید نەبووە چونکە ئەوچەکانە دژبە هێزی پێشمەرگە بەکارهاتوون کە ئەوانیش هاوکاربوون لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا لە شەڕی عێراق–ئێراندا،دادوەر ئەمەشی بە ناڕاست لێکدایەوە وە باسی لەوەکرد کە ئەم چەکانە نەک هەربەتەنها دژی هێزی پێشمەرگە بەکارهاتوون کە لەو حاڵەتەشدا هەرنابێت چونکە ئەمانە چەکی یاساغن وە نابێت لە هیچ جەنگێکدا بە کار بێن، بەڵکو زۆربەی ئەوانەی کە کوژراون یان بریندداربوون منداڵ و پیرو خەڵکی مەدەنی بوون دادوەر نموونەی گۆپتەپە و هەڵەبجە و زێوەی هێنایەوە .

پاشان دادوەر هاتە سەر باسی جینۆساید وە پێناسەکردنی جینۆساید،دادوەر باسی ئەوەیکرد کە جینۆساید یانی لە ناوبردنی گروپێک لە مرۆڤ کە سەربە یەک کۆمەڵەن جا ئەو کۆمەڵەیە پەیوەندی ئەتنیکی،قەومی،مەزهەبی،سیاسی......بە یەکیانەوە ببەستێتەو،وە لە لایەن کۆمەڵێک یان لایەنێکی ترەوە ئاگایانە هێز یان ڕێگەی تر لە دژیان بەکاربێت بو بنبڕکردنیان یان لانی کەم بێدەورکردنیان یان کەم کردنەوەیان.....هە روەها دادوەر باسی تاوانی بە کۆمەڵکوژیشی کرد وە باسی ئەوەی کرد کە جینۆساید وە بە کۆمەڵ کوژی زۆرلە یەکەوە نزیکن، وەلەباری یاساییەوە لە هەندێک حاڵەتدا دەکرێت وەک یەک سەریان بکرێت.بۆ ئەمەش پشتی بە یاسای ناودەوڵەتی و تریبۆنەکانی یۆگسلاڤی و مەحکەمە جیاجیاکانی وەک دۆزی ڕەوانداو یاساکانی (ئای.سی.تی.وای)

کرد .بەپێی ئەو پێناسەو لێکدانەوەی دادوەر ئەوەی لە عێراقدا لە ساڵانی 1985 تا 1989 دژ بە کورد کراوە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە جینۆساید بووە،ئەو باسی کرد کە کوردەکان سێستەماتیک لە ناوبراون،هەڵاواردن کراون و مافی هاونیشتمانی یەکسانیان نە بووە،ئەوشوینانەی کە کۆمەڵکوژی تێدا کراون هەموویان کوردبوون،کاتی تاوانەکان و پلانەکان بۆ ئەم تاوانانە وە هەروەها باسی ئەوەکرا کە لە دۆکومێنتەکانی بەعسیشدا بۆ نموونە شریتی قسەکانی عەلی حەسەن مەجیدو دۆکومێنتەکانی ڕژێمدا کە بەڕێگای جیا جیا دەست دادگا کەوتوون و لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە ئەم بابەتە واتە جینۆسایدی کوردەکان زیاتر ڕوون دەبێتەوە،هەروەها بەپێی دێکتاتەکانی (ڤان دێر ستوڵ)،وە باسی دەرپەڕاندنی کوردەکانی لە کەرکوک و دەوروبەردا کرد کە چۆن دەرکراون و بەعەرەب جێگەیان گیراوەتەوە،دواتر باسی هەر هەشت پرۆسەکانی ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستانی لە ساڵی 1988 دا کرد واباسی بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی و گازی مۆستەردی کرد لە دژی خەڵکی کوردستان بۆ نموونە لە هەڵەبجە، سەردەشت ،گۆپتەپە، زەردە،شنۆ،ڕەشەهەرمێ ... دا بە کارهاتوون، وە هەروەها باسی وێرانکردنی شارۆچکەو دێهاتەکانی کرد دوای دەست بەسرداگرتنیان لە لایەن بەعسەوە ،وە هەروەها ڕاگواستنی خەڵکەکان بە زۆرو بەکۆمەڵ کوشتنیان لە بیابانەکانی عێراقداو یان بەزۆر کۆکردنەوەیان لە ئۆردوگاکاندا.... وە دواتر باسی ئەو لێبوردنە ساختەیەی بەعسی کرد کە لە کۆتای ئەنفالداولە ساڵی 1989 دا تیایدا زۆربەی ئەوانەی کەخۆیان بە داستەوەدا کوژران و بێسەروشوێن کران.... وەپاشانیش ئەمەی بە جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستانەوە بە ستەوە.<u>دواتر دادوەر ڤان ڕۆسن باسی ئەوەی کرد کەدادگا بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی سەرەوە گەیشت بەو ئەنجامەی کە ئەوەی دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دراوە بریتیە لە جینۆساید وا ئە و بڕیارەشی باس کرد کە بەرپرسانی بەعس (صدام حسێن،عەلی حەسەن کە دادوەریش هەر بە عەلی کەمیاوی ناوی برد وە حسێن کامیل وە سەرجەم بەرپرسانی بەعس تاوانباری سەرەکی جینۆساید کردنی خەڵکی کوردستانن</u>،وە باسی ئەوەشی کرد کە دادگای عێراق مافی ئەوەی هەیە کە کەڵک لەم بڕیارەی دادگای هۆڵەندا وەربگرێت بۆدادگایی کردنی تاوانبارانی بەعس کە هەرئێستا لەدادگای عێراقدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدادەکرێت.

دواتر دادوەر دۆزی ئەو 15 قوربانیەی باسکرد کە لەم دادگایەدا وەک شایەت و وەک قوربانی ئامادە ببوون لەوشوێنانەی کە کیمیا باران کرابوون ئە وانیش بریتی بوون لە ئالوەتان، سەردەشت، ڕەشەهەرمێ، زەردە، شنۆ، هەڵەبجە، گۆپتەپە، بانە، ...
وە دادوەر لەم پەیوەندەوە باسی باری تەندروستی قوربانیەکان و باسی ئەوهەزاران کەسەشی کرد کە لەم ناوچانەی کوردستاندا بە هۆی ئەم مادانەی تاوانبارەوەو لەچوارچێوەی ئەنفال و جینۆسایددا لەناوبراون، وەئەوانەشی کە تا ئێستاش بە نەخۆشی ژیان دە گوزەرێنن یان لەسالانی دواتردا بە ئافاتەکانی ئەم گازانە گیانیان لەدەست داوە.

لەبەشێکی تردا داوەر باسی ئەومادانەی کرد کەتاوانبار بردونی بۆعێراق وە پەیوەندیە فەرمیەکانی تاوانباری بە ڕژێمی بەعسەوە باسکرد وە باسی شایەدیەکانی بازرگانی یابانی( چارلس تەنەکە) ی کرد کە لە شایەدیەکەیدا باسی ئەوەی کردبوو کە فرانس زانیوەیەتی ئەو مادانە چەکی کیمیاویان لێ بەرهەمدێت وە بەئاگابووە لە مە. وە هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە بەپێی ئەو دۆکومێنتانەی لە بەردەستدان بۆ نموونە تەلەگرافەکانی فرانس یان بەشێک لە کۆنتراکتەکانیدا ئەمە بەباشی دیارە. دواتر باسی ئەوەشی کرد کە فرانس لەم بازرگانیانەدا بڕێکی زۆری قازانج کردووە کە بڕی ئەم قازانجەش جارێکی تر گومانی قاچاغبوونی ئەم مادانە ڕووندەکاتەوە، دواتر لەسەر کاری تەزویرکردنی کاغەزەکانی ئەم مادانە ی کرد بۆنموونە باسی گۆڕینی مەسیری ڕێگاکانی کرد وەک بەندەری ڕۆتەردام کە کراوە بە عەقەبە یان ناوی مادەکان و شتەکانی گۆڕیوە. کە سەرجەمی ئەمانەش پەردە لەسەر بازرگانی کردن بە مادەی قاچاغەوە کە دوەلیەن قاچاغن هەڵدەماڵێت....لەگۆشەیەکی تریشدا باسی ڕاکردنووخۆشاردنەوەی فرانسی کرد لە دەست دادگای ئیتالیالە کۆتایی سالانی 80 دا، وەخۆشاردنەوەی لە عێراق و درێژەدانی بە کارەکانی هەتا دوای ئەوەش کە وێنەکانی کارەساتی هەڵەبجەشی لەمانگی 1988/3دا بینیوەو زانیویەتی کە بەم چەکانەی ئەو ئەنجام دراوون.
دواتر داوەر هاتە سەرتاوانەکەی تاوانبار ،ئەو باسی ئەوەی کرد وێڕای ئەوەی کە بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە کە ئەم تاوانانە لە لایەن فرانسەوە بە ئاگایانە ئەنجام درابێت بۆنموونە ئەو بەشداری ڕاستەوخۆی لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا نەکردووە، وەک ئەوەی کە صەدام و عەلی کیمیاوی یان حسێن کامل یان بەرپرسنی تری بەعس کردویانە...بەڵام ناشتوانرێت ئەوەباس نەکرێت کەبەم یارمەتیانەی فرانس بەعس
توانیوەیەتی تاوانی جینۆساید ئەنجام بدات بۆیە تاوانبار ئەگەرچی وەک بەرپسی ڕاستەوخۆ نیە بەڵام هاوکارێکی ناڕاستەوخۆیە لە کۆمەڵکوژیدا دیسانیش باسی ئەوەی کرد کەلەم پرۆسەیەدا ناتونرێت جینۆساید وە کۆمەڵکوژی جیابکرێتەوە! داوتر داوەر ڕایگەیاند کە داواکاریەکەی پارێزەری گشتی فرێت تێڤن وە داواکاری پارێزەری قوربانیەکان خاتو زێخفێلد بۆ 15 ساڵ زیندانی و قەرەبووکردنەوەی زیانەکان بۆ بڕی زۆربەیەک کە یاسا ڕێگەی پێدەدات پەسەند دەکات.هەروەها دادوەر شتێکی سەیرتریشی ووت کە ووتی بە لای ئەوەوە سزای 15 ساڵ کە یاسا بڕیاری لەسەردەدات کەمە و ئەگەرتاوانبار بەم تاوانەی بۆ هەتاهەتایەش بخرێتە زینداناەوە هێشتا بە کەمی دەزانێت!.ئەو باسی ئەوەی کرد کەبۆئەو زۆر ئەستەمە لەوە تێبگات بەهاوکاری فرانس هەزارەها کەس کوژراوون سەدان کەس نەخۆشن و هەرگیز ژیانێکی نۆرمالیان نابیت، لەم دادگایەداچەندین قوربانی کوردو غەیرە کوردیش باسیان لەدەردوکێشەکانی خۆیانکردو ئێمەیان هەژاند بەڵام فرانس بێدەنگی هەڵبژاردو داوای لێبوردنی نەکرد بۆتاواناکەی بەرامبەربە قوربانیەکان و پەشیمانی نەنواند ،دادوەر ووتی من پێم سەیەرە لە بەرانبەر تاوانێکی واگەورەدا هەست بە پەشیمانی نەکەیت یان ڕانەچڵەکێیت!

داوتر دادوەر پوختەی بڕیارەکەی بەسەرئامادەبووان و میدیاکاندا دابەشکرد کە دەقی بڕیارەکە بەم جۆرەیە:

ڕاستی یەکەم یان (فایتی یەکەم):
هاوکاریکردن لە بەئەنجام گەیاندنی پێشێلکردنی یاساکان وبەکارهێنانی جەنگ ولەناوبردن،کەلەڕستیدائەمە مانای کارێکی نامرۆڤانەو هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانەیە کەبێگومان ئەنجامی ئەمە کوشتن و بەتوندی بریندارکرنی کەسانی تری لێدەکەوێتەوە ولەهەمانکاتدا ئەمە مانای تیرۆری سیاسی وبەبەرنامە و پەلاماری دڕندانەیە دژی هەموو هاوڵاتیە کان یان گروپێک لەوان ،کەئەم تاوانەش نەک یەک جار چەندین جاردووبارە بۆتەوە.

ڕاستی دووەم یان (فایتی دووەم):
هاوکاریکردن لە بەئەنجام گەیاندنی پێشێلکردنی یاساکان وبەکارهێنانی جەنگ ولەناوبردن،کەلەڕستیدائەمە مانای کارێکی نامرۆڤانەو هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانەیە کەبێگومان ئەنجامی ئەمە کوشتن و بەتوندی بریندارکرنی کەسانی تری لێدەکەوێتەوە، ،کەئەم تاوانەش نەک یەک جار چەندین جاردووبارە بۆتەوە.

دادادگاباوەڕی وایە کەتاوانبارکراو تاوانبارەو ئەم تاوانانەی بەسەردا داسەپێنرا:

زیندانیکردن و بەندکردنی بۆماوەی 15 ساڵ.
تاوانبار لەڕۆژی 2004/12/6دا دەست بەسەرکراوە و لەڕۆژی2004/12/09 ەوە بە ندکرنی درێژکراوەتەوە.

سزای ئابوری و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی قوربانیەکان:
تاوانبار دەبێت بڕی680 ئێرۆ بە هەریەک لە و 15 قوربانیەی کە لە دادگادا ئامادەبوون بدات کەسەرجەم دەکاتە بڕی 10.210 ئێرۆ،هەروەهابڕی 100 ئێرۆ بۆ هەرقوربانیەک بۆ دابین کردنی کاروبارەیاساییەکانیان.کەسەرجەم بۆ 15 قوربانیەکە دەکاتە 1500 ئێرۆ.

شایانی باسە کە لەگەڵ کۆتای هاتنی دادگادا و بەڕەسمی ناسینی تاوانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان لەم دادگایەداو سزادانی 15 ساڵی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دەرەوەی دادگابوو بە شایی و خۆشی ڕەشبەڵەک و لەگەڵیشیدا سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هۆڵەندی وجیهانی ئەم هەواڵەیان ڕادەگەیاندو لەگەڵیشیدا سەدان کەس لە کەس وکاری ئەنفالەکان و کۆمەڵە و پارت وڕێکخراوە کوردیەکان کە بە پیر بانگەوازی ناوەندی هەڵبجەوە هاتبوون لە ناوخۆشی و یادی ئازیزانیاندا نوقوم ببوون.لێتان ناشارمەوە من وەک بەرپرسی ئەم دۆزە لە ناوەندی هەڵەبجە لە هۆڵەنداو هەڵسوڕاوی کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی تاوانبار فرانس دوای دووساڵ و 5 مانگی پڕلەکارو چالاکی خۆم بە بەختەوەرترین کەس دەزانی کە لەبەرامبەر ئاپۆرەی ئامادە بووندا خۆم دیتەوەو لەگەڵ هاوڕێی پارتی سۆسیالیستم (کریستا ڤان فێلزندا) چەند قسەمان بۆ ئامادەبوان کردو ئەم هەواڵ و دەسکەوتە گرنگەمان بەو خەڵکە ستەم لێکراوە کە هەموو بە چاوی ڕێزەوە لەم کارەیان دەڕوانیو لە و بەر سەرمایەدا دەنگی دەهۆڵ و زورناکەیان بۆ قسە کانی ئێمە ڕاگرت.

De rechtbank,

verklaart de gewijzigde dagvaarding nietig ten aanzien van het onder 1 primair, 1 subsidiair en 2 telastgelegde, voor zover betreffende "althans op (een) (of meer) tijdstip(pen) in de jaren 1986 en/of 1987 en/of 1988 te Irak";

verklaart niet wettig en overtuigend bewezen dat de verdachte het bij gewijzigde dagvaarding onder 1 als primair telastgelegde feit heeft begaan en spreekt de verdachte daarvan vrij;

verklaart wettig en overtuigend bewezen, dat de verdachte de bij gewijzigde dagvaarding als 1 subsidiair en 2 telastgelegde feiten heeft begaan en dat het bewezenverklaarde uitmaakt:

ten aanzien van feit 1 subsidiair:

- **medeplichtigheid aan medeplegen van schending van de wetten en gebruiken van de oorlog, terwijl het feit een onmenselijke behandeling inhoudt en terwijl het feit de dood of zwaar lichamelijk letsel van een ander tengevolge heeft en terwijl het feit uiting is van een politiek van stelselmatige terreur of wederrechtelijk optreden tegen de gehele bevolking of een bepaalde groep daarvan, meermalen gepleegd;**

ten aanzien van feit 2:

- **medeplichtigheid aan medeplegen van schending van de wetten en gebruiken van de oorlog, terwijl het feit een onmenselijke behandeling inhoudt en terwijl het feit de dood of zwaar lichamelijk letsel van een ander tengevolge heeft, meermalen gepleegd;**

verklaart het bewezenverklaarde en de verdachte deswege strafbaar;

veroordeelt de verdachte tot:

- een gevangenisstraf voor de duur van **15 JAREN**;

bepaalt dat de tijd, door de veroordeelde vóór de tenuitvoerlegging van deze uitspraak in verzekering en voorlopige hechtenis doorgebracht, bij de tenuitvoerlegging van de opgelegde gevangenisstraf geheel in mindering zal worden gebracht, voor zover die tijd niet reeds op een andere straf in mindering is gebracht;

| | |
|---|---|
| in verzekering gesteld op: | 06 december 2004; |
| in voorlopige hechtenis gesteld op: | 09 december 2004; |

gelast de teruggave [......];

**wijst toe de vorderingen tot schadevergoeding** van de beledigde partijen en veroordeelt de verdachte voorts om tegen behoorlijk bewijs van kwijting te betalen aan:
[... 1 t/m 15...]
telkens een bedrag van **€ 680,67**, zijnde een totaalbedrag van **€ 10.210,05**;

**met veroordeling tevens in de kosten door de beledigde partijen gemaakt**, tot deze uitspraak als kosten voor rechtsbijstand **voor iedere beledigde partij begroot op € 100,=** , zijnde totaal **€ 1.500,=**, en ten behoeve van de tenuitvoerlegging nog te maken;

verklaart niet bewezen hetgeen aan de verdachte meer of anders is telastgelegd dan hierboven is bewezen verklaard en spreekt de verdachte daarvan vrij.

Dit vonnis is gewezen door
mrs R.A.C. van Rossum, voorzitter,
D.R. Glass en J.R.G. Jofriet, rechters,
in tegenwoordigheid van mrs M. Gest en B.J. de Koning, griffiers,
en uitgesproken ter openbare terechtzitting van deze rechtbank van 23 december 2005